*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Morphological Atlas of Kalar Sub-Dialect

**Kwestan Burhan Faris*[1]**

**Garmian University**

kwestanburhan3@gmail.com

**Dr. Shahab Taib Tahir**

**Raparin University**

shahab.taeb@uor.edu.kr

**Received:** 01/09/2025, **Accepted:** 15/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

The Linguistic Atlas is the outcome of researches focused on the dialects of various languages. It is a publication that presents a collection of maps, each displaying linguistic data gathered from different regions. These maps use specific symbols to represent information related to various aspects of speech, such as pronunciation, grammar, and meaning. This study, titled (Morphological Atlas of Kalar sub-dialect) aims to analyze the morphological atlas of (15) linguistic variables and map them geographically.
The study was conducted using a combination of (descriptive, fieldwork, and statistical) methods, following the French model. Using this approach, the lexical variables of the Garmian-sub-dialect of Kalar were analyzed and plotted on a geographical map.
Following the selection and identification of linguistic variables, the study was conducted within the geographical scope of Kalar, which comprises four townships and 171 villages. A total of 39 villages were selected for the research, with 1 to 7 speakers participating from each. Data were gathered through interviews and questionnaires involving participants of different ages and educational levels, with a particular emphasis on elderly and illiterate

[1] **Corresponding Author:** Kwestan Burhan Faris**, Email:** kwestanburhan3@gmail.com.
**Affiliation:** Garmian University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

individuals. After analyzing the recorded linguistic variables, the data were processed using middle average to accurately determine the percentage distribution of responses.

**Keywords:** Linguistic Atlas, Morphological Atlas, Linguistic Variables, Grammatical Morphemes, Kalar sub-Dialect

# الاطلس المرفولوجي للهجة كلار

كوێستان برهان فارس

**جامعة گرميان/ كلية التربية الاساسي**

**و**

أ.د. شهاب طيب طاهر

**جامعة رابرين/ كلية التربية**

**الخلاصة**

الأطلس اللغوي، من خلال الأبحاث التي أجريت على لهجات لغات مختلفة، شهد تطورا وتقدما ملحوظا. الأطلس اللغوي منشورة فيه خرائط تحتوي على معلومات وبيانات حول لغة ما، وتسجل على خريطة جغرافية من خلال بعض رموز خاصة. المقصود من المعلومات والبيانات، خصائص التحدث المختلفة، مثل (الصوت واللغة والمعاني). يحاول هذا البحث المعنون " الأطلس المورفولوجى للهجة كلار) أنموذجا تحليل 15 تغييرا لغويا في الأطلس والقواعد وتحديدها على خريطة جغرافية. تم إجراء البحث على أساس المنهج (الوصفي- الميداني-البيانات). واتبعت الباحثة (المنهج الفرنسي) وعلى هذا الأساس، تمت محاولة تحليل المتغيرات الصرفية في اللهجة الگرميانية- كلار وتقديمها على خريطة جغرافية. بعد اختيار المتغيرات اللغوية وتحديدها، تم التطرق إلى الأساس الجغرافي لمدينة كلار، والتي تتكون من أربع مدن(قصبة) و(171) قرية. في هذه الدراسة تم جمع 39 قرية و(1-7) أشخاص من كل قرية. جُمعت البيانات من أشخاص من جميع الأعمار والمستويات، ولكن معظمهم من كبار السن والأميين. وقد تم عرض المرشحين على برنامج الوسط الحسابي لكي نحصل على نسبة صحيحة للمعلومات.

**الكلمات المفتاحية:** الأطلس اللغوي، الأطلس المورفولوجي، المتغيرات اللغوي، مورفيم قواعدى، اللهجة كلار.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

# ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی بنزاری کەلار

کوێستان برهان فارس

زانکۆی گەرمیان-کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت

و

پ. د. شهاب طيب طاهر

زانکۆی ڕاپەڕین-کۆلێژی پەروەردە

**پوختە**

ئەتلەسی زمانناسی یەکێکە لە گرنگترین بوارەکانی توێژینەوەی زمان، کە بە هۆی توێژینەوەی شێوەزارە جیاوازەکان پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی «ئەتلەسی مۆرفۆلۆژی شێوەزاری کەلار» ناسراوە، ئامانجی شیکردنەوەی ١٥ گۆڕانکاری مۆرفۆلۆژی لە شێوەزاری گەرمیانی–کەلار و نیشاندانەوەی ئەوان لەسەر نەخشەیەکی جوگرافی هەیە. توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی وەسفی–مەیدانی–کۆکردنەوەی داتا بەستووە و ڕێبازی فەرەنسی بەکارهێنراوە. زانیارییەکان لە ٣٩ گوندی سەر بە کەلار کۆکراونەتەوە، لە هەر گوندێک ١ تا ٧ کەس بەشداربوون، زۆربەیان لە کەسانی تەمەنباڵا بوون. داتا کۆکراوەکان بە شێوەی ئاماری شیکراون بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ڕاستی گۆڕاوە مۆرفۆلۆژییەکان و پیشاندانیان لەسەر نەخشەی زمان–جوگرافی.

**وشە سەرەکییەکان** : ئەتلەسی زمانناسی، ئەتلەسی مۆرفۆلۆژی، شێوەزاری کەلار، گۆڕاوە زمانییەکان، مۆرفیمی ڕێزمانی.

## پێشەکی

### ١-٠:ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی بنزاری کەلار)ە هەوڵدەدات ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی(١٥) فۆڕمی زمانی لە بنزاری کەلار بکێشێت و شیبکاتەوە.

### ٢-٠:میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی (وەسفی- مەیدانی- ئاماری) و بە ڕێبازی (فەرەنسی) ئەنجامدەدرێت، هەوڵدەدات گۆڕاوە مۆرفۆلۆژییەکانی بنزاری کەلار شیبکاتەوە و بیانخاتەڕوو.

### ٣-٠:سنوری توێژینەوەکە:

لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا ئەنجامدەدرێت و لەسەر قەزای کەلار و گوندەکانی جێبەجێدەکرێت. قەزای کەلار لە ڕووی کارگێرییەوە لە چوار شارەدێ و (١٧١) گوند پێکهاتووە، لەم توێژینەوەیەدا ناوەندی هەر چوار شارەدێ و گوندەکانی (چاڵەڕەش، سەیدخلیل فقێ مستەفا، گۆبان، عیسایی، تازەدێ، سەیدخلیل دەروێش حەسەن، بەکربایف، تمتمە، زەردەلیکاو، قەڵاتۆپزان، بانی خان، سەیدمحمود، زاووت، سۆفی ڕەحیم ڕەزابەگ، بێ ڕەش، هۆمەرەخەجانی عەلی حسێن، گڵاڵکەوەی حاجی محمد، گڵاڵکەوەی حاجی نامیق، کونەکۆتر، ژاڵان ڕۆغزایی، زەردی قادر، زەردی

حەمە، پیازەجاڕ، خاڵەبەگ، تەیمانە، مەنسورئەلکان، توران، ملەسور، بووەکە، پووقە، زەڕین، مێوەکە، تیلەکۆی گەورە، قەرەچێل، حاجی قازی) وەرگیراون.

**٠-٤:گریمانەی توێژینەوەکە:**

گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڕاوی زمانی- ئاستی مۆرفۆلۆژیی لەسەر بنەمای هەڵکەوتەی سنوری جوگرافی لە شێوەزاری گەرمیان بەگشتی و بنزاری کەلار بەتایبەتی، جیاوازی بەرچاوی بەرکەوتووە بە هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ...هتد، ئەگەرچی جیاوازییەکان کەمیش بن.

**٠-٥:ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-نیشاندانی دابەشبوونی جوگرافی (١٥) گۆڕاوی زمانی- ئاستی مۆرفۆلۆژیی لە ناوچەی کەلار و ئەو شوێنانەی دیاریکراون و سەر بەو قەزایەن.

٢-لەسەر بنەمای گۆڕاوەکان سنوری ناوچەی کەلار و دەوروبەری دیاریدەکرێت.

٣-لە ڕوانگەی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانەوە شێوەئاخاوتنی کەلار تۆمار دەکرێت.

**٠-٦:گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:**

گۆڕاوە زمانییەکانی ئەم توێژینەوەیە تەنیا گۆڕاوی مۆرفیمین و گۆڕاوەکانی (فۆنیمی و سینتاکسی و لێکسیکی) وەرناگیرێت.

**٠-٧:گرنگی توێژینەوەکە:**

تۆمارکردنی یەکە زمانییەکانی شێوەزاری گەرمیان-بنزاری کەلار، و نیشاندانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو شێوەزارە لەناوچوون. هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو. بنەمایەکی گرنگیشە بۆ کێشانی ئەتڵەسی یەکگرتووی زمانی کوردی.

**٠-٨:ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پیشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، دابەشبووە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا: تەوەرەی یەکەم باسی ئەتڵەسی زمان و چۆنیەتی دانای ئەتڵەس دەکات، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە بنزاری کەلار و سنوری کارگێڕی و جوگرافی قەزای کەلار، لە تەوەرەی سێیەمدا کورتەیەک لەسەر مۆرفێم باسکراوە.بەشی دووەم لایەنی کارەکی توێژینەوەکە دەگرێتەوە و لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە شیکردنەوەی گۆراوە مۆرفۆلۆژییەکان، تەوەرەی دووەمیش نەخشەی ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی بنزاری کەلارە.

**١-١:ئەتڵەسی زمانەوانی:**

**١-١-١-چەمک و پێناسەی ئەتڵەسی زمانەوانی:**

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی دیالێکتی زمانە جیاجیاکانەوە ئەنجامدراون گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەتڵەسی زمانەوانی سەرچاوەی گرتووە. ئەتڵەسی زمانەوانی بڵاوکراوەیەکە کۆمەڵێک نەخشەی تێدایە کە تێیدا زانیاری و داتاکانی زمانێک کۆدەکرێتەوە و لەسەر نەخشەی جوگرافی جیاجیا تۆماردەکرێت، مەبەست لە زانیاری و داتاکان تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی ئاخاوتنە (دەنگ، ڕێزمان، واتا)، دەنگ واتە تایبەتە بە دەنگەکانی دەربڕین و جوڵە و ئاوازەکەی و چۆنیەتی دەربڕینی. مۆرفۆلۆژی واتە مامەڵە لەگەڵ شێوە و پێکهاتەی وشەکە دەکات و لەسەر نەخشە تۆماری دەکات. هەروەها دەکرێت وشەیەک چەندین هاوواتای هەبێت بە گوێرەی گوند و شارە جیاوازەکانی هەرێم.(عساكر،١٩٥٣،٣٧٩) ئەتڵەسی زمانەوانیش

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

لە قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانییەوە سەریهەڵداوە و بە زمانەوانی پانتایی یان ڕووبەر(Area Linguistics) ناسراوە. مەبەست لە پانتایی ڕووبەرە جوگرافییەکەیە کە دیاردە زمانییەکانی تێدا بڵاوبووەتەوە. (الحميد،٢٠١١،٢٩)

ئەتڵەسی زمانەوانی وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی زمانەوانی کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆری لەلایەن پسپۆڕان و زمانەوانانەوە بۆ کراوە، لە خوارەوە هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:-

- لێکۆڵینەوەیە لە دابەشبوونی جوگرافیای دیاردە زمانییەکان، بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان شێوەزارەکان، بە پلەی یەکەم ڕێبازی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و وشەیی بەکاردەهێنرێت، کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و تۆمارکردنیان بەهۆی نیشانە زمانییەکانەوە لەسەر نەخشەی جوگرافیدا دەبێت. (Bussman,1998,308)

- کۆمەڵێک نەخشەی بابەتییە کە دابەشبوونی ناوچەیی زمان پیشاندەدات. (Lameli,2010,572)

کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەتڵەسی زمانەوانی لە کۆمەڵە نەخشەیەک پێکهاتووە، کە تێیدا دیاردە زمانییەکان لەڕێگەی هێمای تایبەتەوە بەپێی ناوچەی جوگرافی جیاجیا لەسەر نەخشەکە دەستنیشان دەکرێت.

**١-١-٢:مێژووی سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانەوانی:**

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەتڵەسی زمانەوانی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەریەک لە جۆرج وینکەر(George Wenker)ی ئەڵمانی و جولز جلیریۆن(Jules Gillieron)ی فەرەنسی بەرابەرانی ئەم بوارە دادەنرێن، کە هەریەک لەمانە بە ڕێبازی تایبەتی خۆیان کاریان لەسەر ئەتڵەسەکە کردووە، هەربۆیە ئەتڵەسی زمانەوانی بە داهێنانێکی ئەوروپی دادەنرێت.(افيتش،٢٠٠٠،١١٦) یەکەم ئەتڵەسی زمانەوانی، بۆ زمانی ئەڵمانی دانراوە لەلایەن (G. Wenker) لە ساڵی ١٨٧٦ کە تێیدا چل ڕستەی ئامادەکرد و لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ قوتابخانەکانی نارد، داوای لێکردن بەرامبەر هەر ڕستەیەک ڕستەی شێوەزارەکەی خۆیان بنوسن. بەمشێوەیە وینکەر توانی زانیاری لە ٤٥ هەزار فۆرم کۆبکاتەوە، لە هەنگاوی دووەمدا ئەم زانیارییانەی لەسەر زیاتر لە ١٥٠٠ نەخشە نیشاندا، ڕێکاری نەخشەسازییەکەشی لەچەند قوناغێکدا لەناو پرۆژەکەدا پاڵاوتە کرا، کە هاوتەریب بوو لەگەڵ پێشکەوتنی گشتی لە نەخشەی زمانەوانیدا. یەکەم بەرهەمی ئەتڵەسی زمانەوانی وینکەر ڕووپێوی زمانی ئەڵمانی بوو لەڕێگەی پۆلێنکردنی لیستەکانەوە و لەڕێگەی سنورەکانەوە توانی جیاوازی نێوان ناوچە جیاوازەکان لەسەر نەخشە پیشانبدات. (Lameli,2010,575) کارەکەی وینکەر بە بڵاوکردنەوەی ئەتڵەسەکەی کۆتایی نەهات، بەردەوام بوو لە توێژینەوەکانی. بەرگی یەکەمی ئەتڵەسەکەی لەژێر سەرنوسەری (Ferdinard Wrede) بڵاوکرایەوە. دوابەدوای ئەوە لەساڵی (١٩٣٩) (W. Mitzka) کارەکەی وینکەری دەوڵەمەندتر کرد، لیستێکی لە ٢٠٠ وشەی ستانداردی ئەڵمانی ئامادەکرد و بۆ ٥٠ هەزار قوتابخانەی نارد، داوای کرد هاوواتای ئەو وشانە بە شێوەزاری ناوچەیی تۆمار بکەن، ئەوەش بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەتڵەسی زمانەوانی ئەڵمانی. (تفرشى،١٤٠٠،٤١)

دووەم ئەتڵەس لە جیهاندا بۆ زمانی دانیمارکی دانراوە کە ماریۆس کریستین (Marius Kristensen) لەنێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩١٢) ئەنجامی داوە، کە نزیکەی پازدە ساڵی خایاندووە. کاریگەری وینکەری تەواو پێوە دیارە، بەڵام کارەکەی ماریۆس لە هەموو ڕوویەکەوە لەچاو کارەکەی وینکەر بچوکترە. (Chambers,2004,16) دواتر جلیریۆن (Jules Gillieron) لە ساڵی ١٨٩٦ بواری توێژینەوەکەی هەرێمی فەرەنسا و ناوچە پەیوەندارەکان بووە لە سویسرا و ئیتاڵیا و بەلجیکا، ئەم ئەتڵەسە تەنها تا ئەو ڕادەیە گرنگی بە دەنگسازی دەدات کە یارمەتیدەر بێت، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی هەمەچەشنی دیالێکتێک لە سنورەکانی فەرەنسا، لەم کارەدا ٦٣٩ ناوچەی وەکو خاڵی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئەتڵەسی فەرەنسی دەستنیشان کردووە. (نعيم،٢٠١٠،١٠) شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ بوو، کە تێیدا ٧٠٠ گێڕەرەوە زانیاری و داتاکانیان کۆکردووەتەوە لەسەر نەخشەی فەرەنسی تۆماری کردوون، کە شەستیان ژن بوون و ئەوانی دیکە لە چین و توێژە جیاجیاکانی فەرەنسی بوون، بەشێک لە ئەتڵەسەکەشی لە ساڵی ١٩٠٢ بڵاوکردەوە و تەواوی ئەتڵەسەکەشی لەساڵی ١٩١٠ بڵاوکرایەوە. ڕاپرسیەکەی جلیریۆن لە فەرەنسا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، ئەوەتا دوو لە قوتابییەکانی (Karl Jaberg) و (Jokob Jud) کاریان لەسەر ئەتڵەسی ئیتاڵی و سویسری کردووە و لەساڵی ١٩٣١ بەشێکیان بڵاوکردەوە و لەساڵی ١٩٤٠ تەواوی ئەتڵەسەکە بڵاوکرایەوە. (Chambers,2004,17)

دوای ئەوروپا ئەتڵەسی ئەمەریکی و کەنەدی لە ساڵی ١٩٢٩ لەلایەن هانس کوراس (Hans Kurath) سەریهەڵدا، هەنگاوی پراکتیکیەکەی لەنێو ئینگلاند بوو، لە ساڵی ١٩٤٣ پرۆژەکە تەواو بوو و بڵاوکرایەوە.(Kretzschmar,2018,62)

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە کۆمەڵێک هەوڵی گرنگ بۆ نەخشەکێشانی زمانەکانی ئێران هەبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەتڵەسێکی زمانەوانی یان تەنانەت نەخشەی زمانی هەمەلایەنە و وردی ئاستی وڵات بەرهەم نەهاتووە. لە ساڵی ١٩٥٠ (جۆرج ڕیدارد) لە زانکۆی (بێرن) لە سویسرا، بۆ یەکەمجار بیرۆکەی کارکردن لەسەر ئەتڵەسی زمانی ئێرانی هەبوو، داتاکان لە ٤٣ شوێن کۆکراونەتەوە، بەڵام هەرگیز بڵاونەکراونەتەوە. لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەکادیمیای فارسی بە هاوکاری ڕێکخراوی جوگرافیای نیشتیمانی ئێران بەهەمان شێوە دەستیان بە پرۆژەیەکی گەورە کرد بەڵام بەهۆی گۆڕانی سیاسی، پرۆژەکە وەستا و داتاکان هەرگیز شیکار نەکراوە و نەخراوەتە بەردەست بۆ ڕای گشتی. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو هەوڵانەی کە دراون بڕوانە (Anenby&others,2019,5)

یەکەم ئەتڵەسی زمانی عەرەبیش لەلایەن (Berg Strasser) لە ساڵی ١٩١٥ دانراوە بە ناوی ئەتڵەسی دیالێکتەکانی سوریا و فەڵەستین.

(J. Contineau) لە ساڵی ١٩٤٦ ئەتڵەسی دیالێکتی ناوچەی حۆرانی داناوە، کە لە شەست نەخشەی جیاجیا پێکهاتووە. (خرشوف،٢٠٢٠،١٣)

بڵاوبوونەوەی جوگرافی دیالێکتە میسرییەکان لە پارێزگا ڕۆژهەڵاتییەکان لەلایەن ئەبولفەزل لە ساڵی (١٩٦١ز) ئەنجامدراوە. ئەتڵەسی زمانی هەریەک لە میسر و یەمەن لە لایەن (P. Behnsted) ی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٨٦ز) دانراوە. (٧٠٠) ناوچەی جیاوازی میسری وەرگرتووە لە ڕێگای (٤٠٠) دیاردەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی نێو دیالێکتە میسرییەکان، (٥٦١) نەخشەی جیاوازی داناوە و لە چوارچێوەی یەک ئەتڵەسی یەکگرتوودا کۆیکردووەتەوە، بۆ زمانی یەمەن ١٦٨ نەخشەی جیاوازی داناوە کە دیاردە زمانییەکانیش ١٥٠ ناوچەی لەخۆگرتووە، (Behnsted) لە ساڵی (١٩٨٥ بۆ ١٩٩٢ز) ئەتڵەسی دیالێکتەکانی باکوری یەمەنی و ئەتڵەسی دیالێکتە سورییەکانی داناوە، بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە و تەواو نەبووە. (ئەحمەد،٢٠١١،١٠٠)

لە ساڵی( ٢٠٠٧ز) (مینەی فقیوی) کە مامۆستایە لە بەشی لێکۆڵینەوەکانی ئەفریقا و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە زانکۆی (خنتی) بەلجیکی، ئەتڵەسی زمانی ئەمازیغی لادێی پێشکەش بە زانکۆی (لیدن) لە هۆڵەندا کردووە. (سەعید، ٢٠١١،٧٠)

سەبارەت بە ئەتڵەسی زمانی کوردی چەند هەوڵێکی تاکەکەسی دراون لەوانە، نامەی ماستەری (عبدالمناف رمضان ئەحمەد) بە ناونیشانی (ئەتڵەسی زمان، هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نمونە) لە ساڵی (٢٠٠٩ز) لە زانکۆی سەلاحەدین پێشکەش کراوە.

تێزی دکتۆرای (سەلوا فەریق سالح) بە ناونیشانی ( ئەتڵەسا فۆنۆلۆجیا زمانێ کوردی-پارێزگاها دهۆکێ) لە ساڵی (٢٠١٦ز ) پێشکەشی زانکۆی زاخۆ کراوە.

هەروەها تێزی دکتۆرای (ساکار ئەنوەر حەمید) لەژێر ناونیشانی (ئەتڵەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی) لە ساڵی (٢٠٢٠ز) پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدین کراوە. هەرسێکیان لەلایەن (پ. د. یوسف شەریف سەعید) سەرپەرشتیکراون.

لە زانکۆی کۆیەش نامەی ماستەری (ڕێباز ئیبراهیم مەحمود) بە ناونیشانی ( ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی) لە ساڵی (٢٠٢٢ز) بەسەرپەرشتی (پ. ی. د. شێروان حسێن حەمەد) پێشکەش کراوە.

هەروەها نامەی ماستەری (بەهار عبداللە علی) بە ناونیشانی (ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی-شێوەزاری کەرکوک بە نموونە) بە سەرپەرشتی (پ. ی. د. ئازاد ئەمین باخەوان) لە ساڵی (٢٠٢٣ز) پێشکەشی زانکۆی کۆیە کراوە.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

**١-١-٣:چۆنییەتی دانانی ئەتڵەسی زمانەوانی:**

بۆ دانانی ئەتڵەسی زمانی دوو ڕێباز هەیە، ئەوانیش ڕێبازی ئەڵمانی و ڕێبازی فەڕەنسییە.

**١-ڕێبازی ئەڵمانی:**

سەبارەت بەم ڕێبازە کە (G. Wenker) ی ئەڵمانی بە دامەزرێنەری دادەنرێت، پێویستە چەندین ڕستە ئامادە بکرێت لەو ڕستانەی کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت و لەسەر زاری خەڵکە و لە لیستێکدا تۆمار بکرێت، پاشان داوا لەو کەسانە دەکرێت کە داتاکانیان لێوەردەگیرێت بەرامبەر هەر ڕستەیەک ڕستەی شێوەزارەکەی خۆیان بنوسن، ئەم کارە لە ڕێگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە ئەنجام دەدرێت. فۆرمەکە لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشێکیاندا زانیاری لەسەر گێڕەرەوەکە هەروەها ئەو کەسەش کە داتاکان تۆمار دەکات دەبێت بنوسرێت بەمشێوەیە.(الشناوی،٢٠١١،٧)

ئەو شوێنەی کە داتاکەی تێدا تۆمارکراوە:............ ناوەند:.............. بەڕێوەبەرایەتی:................

| گێڕەرەوەی زمانی کە داتای لێوەرگیراوە | گێڕەرەوەی زمانی کە داتاکەی تۆمارکردووە |
|---|---|
| ناو:<br>تەمەن:<br>پیشە:<br>شوێنی لەدایکبون: | ناو:<br>تەمەن:<br>پیشە:<br>شوێنی لەدایکبون: |

بەشی دووەمی فۆرمەکە ئەو ڕستانەی تێدا تۆماردەکرێت کە پێویستە گێڕەرەوە بە شێوەزارەکەی خۆی دووبارە بینوسێتەوە، بۆ نمونە:

| ڕستەکە بە زمانی ستاندارد | ڕستەکە بە شێوەزاری ناوچەیی |
|---|---|
| ١-پێیەکانم زۆر ئازاریان هەیە.<br>٢-<br>٣- | ١-........<br>٢-<br>٣- |

خشتەی ژمارە(١) نمونەی فۆرمی ڕاپرسی ڕێبازی ئەڵمانی

پاشان لیستەکان کۆ دەکرێتەوە و لەسەر نەخشە جیاوازییە دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیی ناوچە جیاوازەکان تۆماردەکرێت، بەڵام ئەم ڕێبازە کەمێک زەحمەتە، چونکە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە داتا کۆکەرەوە هەیە، ئەمەش بەو ئاسانییە ئەنجام نادرێت. (سەعید،٢٠١١،٧١)

**٢-ڕێبازی فەڕەنسی:**

(J. Gillireon) بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت، بۆ پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە پێویستە ئەو وڵاتەی یان هەرێمەی کە دەمانەوێت ئەتڵەسەکەی بۆ دابنێین، سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی دەستنیشان بکەین، پاشان چەند ناوچەیەک لەوانە هەڵبژێرین کە جیاوازی ژینگەی زمانی تێدایە، دواتر کتێبێک ئامادە بکەین کە دوو هەزار

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

یان دوو هەزار و پێنج سەد پرسیاری لەخۆگرتبێت، هەروەها دەبێت لە دانانی پرسیارەکان ڕەچاوی ئەوە بکەین کە وەڵامەکەی کورت بێت و بەیەک وشە وەڵام بدرێتەوە، هەروەها پرسیارەکان بابەتی بێت، واتە هەموو بوارەکان بگرێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێک لە ئەتڵەسەکە پڕ بکاتەوە. دەبێت پرسیارەکان زۆربەی ئەو وشە فەرهەنگیانە بگرێتەوە، کە لەو ناوچەیە بەکاردەهێنرێت. دواتر ئەم کتێبە چاپدەکرێت و لەڕێگەی داتا کۆکەرەوەکانەوە دەنێردرێت بۆ ئەو ناوچانە، داتا کۆکەرەوەکان ئەو کەسانەن کە ڕاهێنانی باشییان پێکراوە، چوار پێنج ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە، هەموو زانیارییەکان بە وردەکارییەوە تۆماردەکەن.(عساکر،١٩٥٣،٣٨٢) سەبارەت بەو کەسانەشی کە زانیارییان لێوەردەگیرێت دەبێت چەند تێبینیەك لەبەرچاو بگیرێت، لەوانە:

١-دەبێت خەڵکی ڕەسەنی شارەکە/ ناوچەکە بێت.

٢-بۆ هیچ شوێنێکی دەرەوە کۆچی نەکردبێت و پاشان گەڕابێتەوە.

٣-ڕاستگۆ بێت لە وەڵامدانەوە.

٤-هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی لەسەر شێوەزارەکەی نەبێت وەکو ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ڕۆشنبیری.

لە کۆتاییدا داتا و دیاردە زمانییەکان کۆدەکرێنەوە و بەپێی ناوچە و گوند و شارە جیاجیاکان و پاشان بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی ناوچەکان دادەنرێت. (هەمان سەرچاوە)

جیاوازی نێوان ڕێبازی ئەڵمانی و فەڕەنسی ئەوەیە کە ڕێبازی ئەڵمانی گشتگیرترە، بەڵام ڕێبازی فەڕەنسی وردترە، چونکە داتا کۆکەرەوەکان ڕاهێنانی باشیان پێکراوە. هەروەها ڕێبازی ئەڵمانی بەشێوازی ناڕاستەوخۆیە، بەڵام ڕێبازی فەڕەنسی بەشێوەی ڕاستەوخۆیە.

### ١-١-٤:ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی:

لەسەر بنەمای کارکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان و ئەرکی مۆرفێمەکانی زمان یان شێوەزارەکانی دەستنیشاندەکرێت، لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەچەند نەخشەیەکدا دیاریدەکرێت، بۆ نمونە جێناوی کەسی و لکاوەکان لە هەموو زار و شێوەزارەکاندا دەستنیشانبکرێت، و لە ڕێگەی هێمای دیاریکراوەوە لەسەر نەخشە دابنرێت، بە هەمان شێوە مۆرفێمەکانی (ناسراوی- نەناسراوی- ئەرێ- نەرێ- کۆکردنەوە-......) دەکرێت ئەتڵەسیان بۆ دابنرێت، ئەمەش سودی دەبێت بۆ دۆزینەوەی خاڵە جیاوازی و هاوبەشەکانی مۆرفێمەکان لەنێوان شێوەزارەکانی زمانەکە. (مەحمود،٢٠٢٢،٣٢) شایەنی ئاماژە بۆکردنە دانانی ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی کەمتر گرنگی پێدراوە لەچاو ئەتڵەسی فۆنۆلۆژیی.

### ١-٢-بنزاری کەلار:

زۆربەی زمانەکان لەچەند زارێک پێکدێت، ئەم زارانەش دەبن بە چەند شێوەزارێک، وەکو زمانی کوردی کە چوار زاری سەرەکی هەیە، هەر یەک لەم زارانەش چەندین شێوەزاری هەیە، بۆ نموونە زاری ناوەڕاست پێکهاتووە لە: (شێوەزاری سۆرانی، هەولێری، گەرمیانی،...) هەموو ئەم شێوەزارانە زارێک پێکدەهێنن کە پێی دەگوترێت زاری ناوەڕاست. شێوەزارەکانیش لە بنزارەکان پێکدێن، هەر شێوەزارێک چەندین بنزاری هەیە بۆ نمونە شێوەزاری گەرمیانی دەیان بنزاری هەیە وەکو: (بنزاری کەلار، بنزاری کفری، بنزاری خانەقین،...) ئەمانە دەبنە بنەمایەک بۆ دروستبوونی شێوەزاری گەرمیانی.

بنزار، لە سنورێکی جوگرافی کەمدا بڵاودەبێتەوە، واتە سنوری جوگرافییەکەی فراوان نییە وەکو شێوەزار یان زار، بۆیە بنزاری کەلار لە ناو کەلار و دەوروبەری کەلاردا بڵاوبووەتەوە، زیاتریش لە ناوەندی کەلار، چونکە بنزار لە کۆی پێکهاتەی قسەپێکەرانی ناوچەکە دروستدەبێت. هەروەک پێشتر باسمانکرد یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە قسەپێکەرانی سێ زاری سەرەکی تیایە (گۆران، ناوەڕاست، خواروو)، لەبەرئەوەی قسەپێکەرانی ئەم زارانەش هەن، بۆیە دەبینین بنزاری کەلار تایبەتمەندی هەرسێ زارەکەی تیایە، ئەمەش یەکێکە لە سیما دیارەکانی بنزاری کەلار.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

ئەم بنزارەش هۆکاری دروستبوی زۆرە، لەوانە هۆکاری سیاسی، هۆکارێکی سەرەکییە چونکە لە ئەنجامی کۆچکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ و لە ئەنجامی دۆخی سیاسی کە خەڵکی ڕوویان تێکردووە لەهەموو ناوچەکانی ترەوە، وایکردووە قسەپێکەرانی زارەکان لەم بنزارە کۆببنەوە و ئەم بنزارە بەرهەم بێت.

هۆکارێکی تر ئابوورییە، ئەم ناوچەیە لەبەرئەوەی سنوری لەگەڵ سنوری عێراق و ئێرانیشدا هاوبەشە، وایکردووە خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە ڕووی تێبکات. ئەم خەڵکەش کە ڕوودەکاتە ئەم ناوچەیە هەریەکەو بنزاری خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە و لێرە قسەی پێدەکات، لەئەنجامی کارلێکی زار و بنزارەکان، بنزارێک دروستبووە کە پێی دەگوترێت بنزاری کەلار. (دارا حەمید محەمەد،٢٠٢٥/٧/٣)

## ١-٣-سنوری کارگێری و جوگرافی بنزاری کەلار:

شاری کەلار دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٤،٣٩-٣٤،٣٦) پلەی باکوری زەوییەوە، نێوان هێڵی درێژی (٤٥،١٧-٤٥،٢٢) پلەی ڕۆژهەڵاتی زەوییەوە، لەسەر ڕووبەرێکی تەخت بنیاتنراوە کە بەرزییەکەی لە ئاستی دەریاوە لە نێوان (٢٠٠-٢٥٥) مەتردایە. (حەمید،٢٠١٩،٣١)

لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوچەی نیمچەشاخاوی هەرێمی کوردستان، ناوچەی بان و گردەکانی کەرکوک. واتە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی گەرمیان و باشوری پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستانەوە. (محەمەد،٢٠١٠،٤٨) ڕوباری سیروان بەدرێژایی (٦٩کم) سنوری ڕۆژهەڵاتی پێکدەهێنێت، لەڕووی کارگێرییەوە لەگەڵ چەند قەزایەکدا هاوسنورە. لەڕۆژهەڵاتیەوە قەزای خانەقین و لە باکوری ڕۆژئاواوە قەزای چەمچەماڵ و لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای دەربەندیخان، و لە باکورەوە قەزای قەرەداغ و لە ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاواوە قەزای کفری. (سعید،١٤٠١،١١٧)

قەزای کەلار (١٧.٦٪) ڕووبەری ئیدارەی گەرمیان پێکدەهێنێت، چونکە ڕووبەری قەزاکە و ئیدارەی گەرمیان (١٧٠٣کم٢) و (٩٦٨١کم٢) بوون لە ساڵی ٢٠١٢ دا. هەرچەندە ڕووبەری قەزای کەلار لە ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢) زیاتر بووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێرییەکانەوە بچوکبووەتەوە. ئێستا لە چوار شارەدێ پێکدێت، ئەوانیش: (شارەدێی ناوەندی قەزا، شارەدێی پێباز، شارەدێی ڕزگاری، شارەدێی شێخ تەویل). (کریم،٢٠١٣،٢)

## ١-٤-مۆرفێم و پۆلێنکردنی لە ڕوانگەی دەرکەوتنیەوە:

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە دێرینەکاندا وشە بچوکترین کەرستەی زمان بووە، بەڵام زمانەوانان و توێژەران لە پێناسەکردنی وشەدا تووشی گیروگرفت بوونەوە، وشە نەیتوانی ببێتە وەڵامی هەموو پرسیارێک، بۆیە ئەو بیرە سەریهەڵدا کە وشە خاوەن پێکهاتەیەکی ناوەکییە. (خۆشناو،٢٠١٦،١٧) ئەم بیرەش لە قوتابخانە ڕۆنانکارەکانەوە سەریهەڵدا و ڕۆنانکارە ئەمریکیەکان ئەوەیان سەلماند، کە وشە کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. (فەتاح و قادر،٢٠٠٦،٧) سەرهەڵدانی بیری مۆرفێم لەسەرەتای چلەکاندا هاتەکایەوە و بەپێی ئەم بیرەش هەموو کەرستەیەکی ڕێزمانی و بەشێکی زۆری کەرستە فەرهەنگیەکانیش شیدەکرێنەوە بۆ دانەی بچوکتر کە پێی دەگوترێت مۆرفێم. (مستەفا،٢٠٢١،٧) (مۆرفێمیش دانەیەکی نابەرجەستە و هۆشەکییە لە مێشکدایە، ئەم یەکە نابەرجەستەیەی زمانیش لەڕێگەی مۆرفەوە بەرجەستە دەکرێت. واتە مۆرف شێوەی فیزیکی مۆرفێمە و وەسفی مۆرفێم دەکات و بەرجەستەی دەکات.) (برزو،٢٠٢٠،١٤٣) چەندین پێناسە لەلایەن زمانەوانانەوە بۆ مۆرفێم کراوە لەوانە:

-بریتییە لە ((گچکەترین پێکهاتەی پڕ-واتای (واتاداری) وشە.)) (مەحویی،٢٠٢١،٤)

-(مۆرفێم بە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانی دادەنرێت، کە فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێک دەینوێنن، کە لەڕووی فۆنەتیک و سیمانتیکەوە لەهیچ فۆرمێکی تر ناچێت.) (Bloomfiled,1933,161)

-(بچوکترین یەکەی زمانە کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەیە.) (Yule,2014,66)

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

هەموو پێناسەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە مۆرفیم بچووکترین یەکەی زمان دەوترێت، کە واتا یان دەبێت ئەرکی هەبێت، چ ئەرکی فەرهەنگی یان ڕێزمانی بێت.

لێرەدا بەپێی سروشتی دەرکەوتنی مۆرفیمەکان دابەشدەکرێن کە توانای ئەو مۆرفیمە لە دەرکەوتندا چۆنە، ئەمانیش دوو جۆرن، ئەوانەی کە توانای ئەوەیان هەیە سەربەخۆ دەربکەون، پێیان دەگوترێت مۆرفیمی سەربەخۆ، ئەوانەشی کە توانای ئەوەیان نییە بەتەنها دەربکەون و بەردەوام لەگەڵ مۆرفیمی تردەردەکەون پێیان دەگوترێت مۆرفیمی بەند. (خۆشناو،٢٠١٦،٢٥) هەریەک لەم دوو جۆرەش دەکرێن بە چەند جۆرێکی ترەوە.[2]




هێڵکاری ژمارە (1) جۆرەکانی مۆرفیم

**٢-١- شیکردنەوەی گۆڕاوەکان**

لێرەدا لەبەر سنوری توێژینەوەکە تەنها بەشێک لە مۆرفیمە ڕێزمانیەکان وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆکراوە، دواتر لەسەر نەخشەی جوگرافی دانراون.

**-گۆڕاوی ژمارە (١) جیاوی کەسی دووەمی تاکی سەربەخۆ (تۆ) لە دۆخی بکەریدا:**

١-لە هەر یەک شارەدێ مۆرفێمی /تۆ/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە دوو شارەدێ مۆرفێمی /تو/ بەکاردێت، لە هەمان کاتیشدا مۆرفێمی /تۆ/ بەکاردێت، هەروەها مۆرفێمی /  / هاوشانی مۆرفێمی /تۆ/ بەکاردێت.

٣- لەیەک شارەدێ مۆرفێمی /  / لەگەڵ /تۆ/ بەکاردێت.

-تۆ نانت خوارد؟




2. بۆ ئەم هێڵکارییە سوود لە (برزو، ٢٠٢٠، ١٦٩) وەرگیراوە.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

-تۆ نان خواردی؟

-نانت خوراد؟

**گۆڕاوی ژمارە (٢)جێناوی کەسی دووەمی تاکی سەربەخۆ (تۆ) لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /تۆ/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە دوو شارەدێ مۆرفیمی /ت، تو، وو/ هاوشانی مۆرفیمی /تۆ/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /تو، ت/ هاوشانی مۆرفیمی /تۆ/ بەکاردێت.




-ماڵی تۆ زۆر جوانە.

-ماڵی تو لە قوڕ دروستکریاوە.

-ماڵەکەت زۆرجوانە.

-ماڵوو زۆر جوانە.

**-گۆڕاوی ژمارە (٣) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک (ت) لە دۆخی بکەریدا:**

١-لە دوو شارەدێ مۆرفیمی /و/ هاوشانی مۆرفیمی /ت/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /و، ی/ هاوشانی مۆرفیمی /ت/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /و، یتەی/ هاوشانی مۆرفیمی /ت/ بەکاردێت




-بردت.

-نانو خوارد؟

-تو نان خواردی؟

-بردیتەی.

**-گۆڕاوی ژمارە (٤)جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ات، یت) لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ات، یت/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ا، ێ/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ /ا-ت، ێ/ هاوشانی مۆرفیمی /ات، یت/ بەکاردێت.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

٤-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ەت-ا، ێ/ هاوشانی مۆرفیمی /ات، ێت/ بەکاردێت.

-ئەو نان ئەخوات.

-ئەو نان خوەت.

-ژنەکە نان ئەکا.

-ژنەکە نان کەت.

-کچەکە مێ ئەدۆشێ




**گۆڕاوی ژمارە (٥) مۆرفیمی پرسی (بۆچی) بۆ پرسیارکردن لە هۆی ڕوودانی شتێک بەکاردێت:**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /بۆچی/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی/بۆ/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /بۆ، ئەڕا، ڕای چە/ هاوشانی مۆرفێمی /بۆچی/ بەکاردێت.

٤-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /بۆ/ هاوشانی مۆرفیمی /بۆچی بەکاردێت.

-بۆچی هاتی؟

-ئەڕا ناخوێنی؟

-بۆ هاتی؟

-ڕای چە واکەیت؟




**-گۆڕاوی ژمارە (٦) مۆرفیمی پرسی (چۆن) بۆ پرسیارکردن لە چۆنیەتی ڕووداو بەکاردێت:**

١-لە دوو شارەدێ مۆرفیمی /چۆن/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە دوو شارەدێ مۆرفێمی /چوین/ هاوشانی مۆرفیمی /چۆن/ بەکاردێت.

-ڕووداوەکە چۆن ڕوویدا؟

-حادیسەکە چوین بی؟



**-گۆڕاوی ژمارە (٧) مۆرفێمی پرسی (چی) بۆ پرسیارکردن لە شت بەکاردێت:**

١-لە دوو شارەدێ مۆرفێمی /چی/ وەک خۆی بەکاردێت.

٢-لە دوو شارەدێ مۆرفێمی /چە/ هاوشانی مۆرفێمی /چی/ بەکاردێت.

-لێرە چی ڕوویدا؟

-لەیرە چە دوت؟




**گۆڕاوی ژمارە (٨) مۆرفێمی ناسراوی (مکە)**

١-لە هەر چوار شارەدێ مۆرفێمی /مکە/ وەک خۆی بەکاردێت.

-خەڵەکەم ئاودا.




**-گۆڕاوی ژمارە (٩) مۆرفێمی کاتی ڕابردووی دوور (بوو):**

١-لە سێ شارەدێ مۆرفێمی /وو/ هاوشانی مۆرفێمی /بوو/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفێمی /وو، ووی، بوی/ هاوشانی مۆرفێمی /بوو/ بەکاردێت.

-ژنەکە نانی گەرمی کردبوو.

-ژنەکە نانی گەرمی کردوو.

-پارەکە دارەکەمان خورمای گرتووی.



*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

-پارەکە دارەکەمان خورمای گرتبوی.

**گۆڕاوی ژمارە (١٠) مۆرفیمی کاتی ڕابردووی تەواو (ووە):**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ە‌ە/ هاوشانی مۆرفیمی /ووە/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ەە، یتە، ە / هاوشانی مۆرفیمی /ووە/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ە، ەە، یە/ بەکاردێت.

٤-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ە، ەە/ هاوشانی مۆرفیمی /ووە/ بەکاردێت.




-کچەکە چێشتی دروستکردووە.

-کچەکە ئاشی دروستکردە.

-پیاوەکە عەرزەکەی جوتکردەە.

-گەنمەکان فرۆشتیتە.

-ژنەکە نان گەرم کردیە.

**-گۆڕاوی ژمارە (١١) مۆرفێمی دووبارەبوونەوە (ەوە):**

١-لە سێ شارەدێ مۆرفیمی /ۆ/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ۆ/ هاوشانی مۆرفیمی /ەوە/ بەکاردێت

-پیاوەکان هاتنەوە لە ڕاو.

-کچەکان هاتنۆ لە کانی.



*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

**-گۆڕاوی ژمارە (١٢) مۆرفیمی (دە) کاتی ڕانەبردوو:**

١-لە دوو شارەدێ مۆرفیمی /ئە/ بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /     / هاوشانی مۆرفیمی /ئە/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ئە/ هاوشانی مۆرفیمی /دە/ بەکاردێت.

-زەوییەکە ئاو دەدەم.

-مەڕ ئەدۆشم.

-عەرزەکە ئاو دەم.




**گۆڕاوی ژمارە (١٣) مۆرفیمی ڕووکاری تەواوی دانانی (بێت):**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /وێ، ویت/ هاوشانی مۆرفیمی /بێت/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /وێ/ هاوشانی مۆرفیمی /بێت/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /بێ، ویت، وێ/ هاوشانی مۆرفیمی /بێت/ بەکاردێت.

٤-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /وێ، ویت/ هاوشانی مۆرفیمی /بێت/ بەکاردێت.

-تۆ بڵێی نانی خواردبێت.

-تو بشی نان خواردوێت.

-ڕەنگە کارەکەیان تەواو کردبێ.

-ڕەنگە کارەکەیان تەواو کردوێ.

-لەوانەیە خانییەکەیان فرۆشتویت




**-گۆڕاوی ژمارە (١٤) مۆرفیمی کاری ناتەواوی (دەبێت) بۆ کاتی ڕانەبردوو:**

١-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ئەبێت، ئەوێ، دوت، ئەوێت/ هاوشانی مۆرفیمی /دەبێت/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ئەبێ، ئەوێ/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /ئەبێ، ئەوێ، ئەوێت، ئەبێت/ بەکاردێت.

٤-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /دوت، ئەوێت، ئەبێ، ئەوێ/ بەکاردێت.



*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6**

-ئاشەکە خراپ ئەبێت.

-ئاشەکە خراو ئەوێ.

-کوڕەکەم باش دوت.

-کچەکەم ئەوێتە دختۆر.

-کچەکە ئەبێ بە دکتۆر.

**-گۆڕاوی ژمارە (١٥) مۆرفیمی کاری ناتەواو (بوو) بۆ کاتی ڕابردوو:**

١-لە دوو شارەدێ مۆرفیمی /وو/ هاوشانی مۆرفیمی /بوو/ بەکاردێت.

٢-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /وو، بی/ هاوشانی مۆرفیمی /بوو/ بەکاردێت.

٣-لە یەک شارەدێ مۆرفیمی /بی، وی، وو/ هاوشانی مۆرفیمی /بوو/ بەکاردێت.

-کوڕەکەم مامۆستا بوو.

-کوڕەکە شوانوو.

-جاران خەڵک وە ڕەحم بی.

-ژیانی ئەوسا خۆشووی.




**٢-٢-ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی بنزاری کەلار:**




0



*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6






*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: [https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6](https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6)**














*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)**
**DOI: [https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6](https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6)**









**ئەنجام**

ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:

١-لەقەزای کەلاردا چەندین شێوەئاخاوتنی جیاواز بەدیدەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچەیە قسەپێکەرانی سێ زاری سەرەکی زمانی کوردی تێدایە، ئەوانیش زاری (گۆران، ناوەراست، خواروو)ن.

٢-جیاوازی گۆڕاوەکان بە پلەی یەکەم لە ناوەندی قەزای کەلار بەدیدەکرێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی هۆز و تیرەکان لەو ناوچەیە دەژین، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی شێوازی ئاخاوتنیان.

٣-بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە کەمترین جیاوازی لە گۆڕاوەکان، لە شارەدێی (پێباز، شێخ تەویل) هەیە، چونکە تەنها هۆزی جاف و تیرەکانی لەو ناوچانە دەژین، بە پێچەوانەی (ناوەندی کەلار و ڕزگاری) و بەتایبەتیش ناوەندی کەلار.

٤-بۆ جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک لە بنزاری کەلاردا (تۆ، توو) بەکاردەهێنرێت.

٥-مۆرفیمی کاتی ڕابردووی دوور لە بنزاری کەلاردا بە شێوەی (بوو، وو، بووی، بی) دەدرکێنرێت.

**سەرچاوەکان:**

١-ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان (٢٠١١)، ئەتڵەسی زمان هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢-برزو، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چنگل، تاران.

٣-حەمید، ڕزگار حاجی (٢٠١٩)، کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو ١٩٧٠-٢٠١٢، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤-خۆشناو، شیروان حوسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٥-سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦-فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بێ نۆبەی چاپ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٧-کریم، بشار عادل (٢٠١٣)، شیکردنەوەی شوێنی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کەلار و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٨-محمدعەلی، دەرباز محەمەد (٢٠١٠)، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٩-مەحمود، ڕێباز ئیبراهیم (٢٠٢٢)، ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

١٠-مەحویی، محەمەدی (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١١-مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢١)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی وستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (105-125)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.6

**المصادر والمراجع**

١-الحميد، عبد العزيز بن حميد (٢٠١١)، علم اللغة الجغرافي بين حداثة المصطلح وأصوله لدى العرب، مجلة الدراسات اللغوية والأدبية، العدد الثاني، السنة الثانية.

٢-الشناوي، خالد نعيم (٢٠١١)، الاطلس اللغوي والبحث اللساني عند العرب مقاربة منهجية، مجلة آداب ذي قار، العدد (٣)، المجلد (١).

٣-افيتش، ميليكا (٢٠٠٠)، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة سعد عبد العزيز مصلوح ووفاء كامل فايد، الطبعة الثانية، المطبعة المجلس الآعلى للثقافة.

٤-خرشوف، مالكي (٢٠٢٠)، علم اللهجات، كلية الأداب واللغات، جامعة الاخوة منتوري بقسنطينة.

٥-عساكر، خليل (١٩٥٣) الأطلس اللغوي، مجلة مجمع اللغة العربية، الجزء السابع، مطبعة وزارة المعارف الحمومية.

٦-نعيم، خالد (٢٠١٠)، الأطلس اللغوي في التراث العربي دراسة في كتاب سيبوية، الطبعة الأولى، المطبعة دار السياب.

**به فارسی:**

١-تفرشی، اتوسا رستم بیک (١٤٠٠)، أطلس زبانی گویش سنجی و مستندسازی زبان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

٢-سعید، هاویش غفور (١٤٠١)، شناسایی راهبردهای هوشمندسازی روستاها در شهرستان کلار-سلیمانیه-عراق، پایان نامه، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی.

**References**

1-Anenby, Erik & others (2019), The Atlas of the Languages of Iran (ALI) A Research Overview, Iranian Studies, vol (52).

2-Bussmann, Hadumod (1998), Routledge Dictionary of Language and Linguistics, by Routledge, London.

3-Bloomfield, Leonard (1933), Language, London.

4-Chambers, J. K. & Trudgill, peter (2004), Dialectology, second edition, Cambridge University Press.

5-Kretzschmar, William A. & JR (2018), The Handbook of Dialectology, Wiley Blackwell.

6-Lameli, Alfred (2010), Linguistic Atlases Traditional and Modern, University of Marburg

7-Yule, George (2014), The Study of Language, fifth edition, Cambridge University Press, New York.

**چاوپێکەوتن:**

١-دارا حەمید محەمەد، بنزاری کەلار، لەرێی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، ٢٠٢٥/٧/٣.